www.kurdistannet.org
15/05/2003 00:42

# ناڕوونی لە بواری سەربازی لەگەڵ ئەمەریکادا

سـەدات ئەرگین
و : بـەکر شوانی

ئەو ڕووداوە ناخۆشەی کە سێ هەفتە لەمەوبەر لە باکوری عێراق لە نێوان لێپرسراوانی سەربازی تورکیا و ئەمەریکادا قەوما، لەوە ناچێت شوێنەوارەکەی بەسەر پەیوەندی تورکیا-ئەمەریکاوە بەئاسانی بسڕدرێتەوە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، لە باسکردنی ڕووداوەکەدا لەلایەن تورک و ئەمەریکیەکانەوە هەرجارە جیاوازی نوێ بەدیدەکرێ. لایەنی ئەمەریکی دەڵێت کۆمەڵێک لە ئەندامانی هێزی تایبەتی تورکی دەستگیرکردووە کە هەوڵیانداوە لەگەڵ کاروانی هاوکاریی مرۆییدا چەک بە تورکمانەکان بگەیەنن، هەرچی لایەنی تورکیشە بە شێوەیەکی زۆر جیاواز ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە.

## گێڕانەوەیەکی تری ڕووداوەکە

جارێ ڕووداوەکە لە دەروازەی کەرکوک نا بەڵکو لە خاڵێکی پشکنینی دەرەوەی شاری هەولێری ژێر کۆنترۆڵی بارزانی قەوماوە و هیچ کاروانێکی مرۆییش لە گۆڕێدا نەبووە. بەم پێیە ئەو ئەندامانەی هێزی تایبەت کە ئەمەریکیەکان دەستگیریان کردوون، بە نهێنی نەچوونەتە هەرێمەکەوە، بەڵکو ئەو ئەندامانەی هێزی تایبەتن کە بەردەوام لە هەولێرن و پێشتریش بە بەرچاوی ئەمەریکیەکانەوە هاتوچۆی زۆریان بە هەمان خاڵدا کردووە. لەوەش ڕوونتر ئەم گروپە ١٢ کەسیە لە ئۆتۆمبیلێکی تویتای پشتکراوەدا بوون و بریتی بوون لە ٦ ئەندامی هێزی تایبەتی تورک و ٣ پێشمەرگەی بارزانی و ٣ تورکمان و بەشی ئەوەندە چەکیان پێبوو کە بتوانن خۆیانی پێ بپارێزن.

## بزاوتی دەروونی

ئەم ڕووداوە کە دوای لایەنی ئەمەریکی لایەنی تورکیشی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە داوای لێبوردنی لێبکرێ، داخۆ لە ئەنقەرە چۆنێتی قەومانی و گەیشتنی بە شێوەیەکی گەرماوگەرم بە چاپەمەنی ئەمەریکا، چۆن لێکدەدرێتەوە؟ لایەنی تورکی ڕووداوەکە وەکو "بزاوتێکی دەروونی" هەڵدەسەنگێنێ و ئامانج لەم ڕووداوە خۆشکردنی زەمینەی باری دەروونیە بۆ دەستپێکردنی کێشانەوەی هەموو هێزەکانی چەکداری تورک لە باکوری عێراق. تەنها ئەم ڕووداوە بەسە بۆ ئەوەی ببینین کە پەیوەندی نێوان پایەدارانی سەربازی تورک و ئەمەریکا لە داهاتوودا پڕ لە کێشە دەبێت.

## تڵپەی ١ ی ئادار

هێزی چەکداری تورکیا و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای ئەمەریکا کە سەردەمانێک موو بە نێوانیاندا نەدەچوو، باس لەوە دەکرێ توشی تەگەرەیەکی هەستپێکراو بووبن و ئەم ڕووداوەی باکوری عێراقیش بریتیە لە بەشی سەرئاوکەوتوی چیای سەهۆڵبەندانی ناو زەریا. بەشی ژێرئاوکەوتوی چیایەکەش بریتیە لە کێشەکانی پێش و پاش یاداشتنامەی ١ ی ئادار و تڵپەی

ئەمانە لە پەیوەندی هەردوو لادا. لایەنی تورکی بەر لە ١ ی ئادار ئەمەریکای ئاگادار کردەوە کە لە گواستنەوەی کەرەسەی سەربازیدا بۆ بەندەرەکانی تورکیا کەڵک لە کەشتی باربەری هەڵگری ئالای بەشی یۆنانشینی قوبرس وەرنەگرێ، کەچی سەرەڕای ئەمە ئەمەریکا کەشتیەکی باربەری هەڵگری ئالای بەشی یۆنانشینی قوبرسی لە بەندەرەکانی تورکیا نزیک کردەوە و دەکرێ ژمارەیەکی لەبن نەهاتووی ئەم جۆرە نمونانەی ئەمەریکا بهێنینەوە. ئاشکرایشە کە چاودێریی توندی ئەوسای لێپرسراوانی سەربازی تورک بەسەر جوڵەی سەربازی ئەمەریکاوە، لایەنی ئەمەریکی زۆر نیگەران کردبوو.

## ئێشی هاوکاری سەربازی

سەربارى هەموو ئەم تلّپانە، حکومەتی ئەمەریکا یەکسەر دوای ١ی ئادار بە ئاشکرا بەرپرسیارێتی چەقینی یاداشتانەمەکەی خستە ئەستۆی سوپای تورک. هەڵبەتە پچڕانی دیالۆگی نێوان ئاستە بڵندەکانی ئەرکانی سوپای تورکیا و ئەرکانی سوپای ئەمەریکا لەم دواییانەدا ئەنجامێکی درێژبوونەوەی ئەو پێشهاتانەیە کە باسمان کردن. ئەوەی دەبینرێ ئەوەیە کە دۆخێکی پڕ لە ئازار خۆی بەسەر پەیوەندی سەربازیی نێوان تورکیا و ئەمەریکادا سەپاندووە و ئەمەش بووەتە سەرباری قۆرت و تەگەرەکانی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەردوو وڵات.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی حوریەت **٢٠٠٣/٥/١٣**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت